لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# زەم كردنی شوێن كەوتنی حەزو ئارەزوو

نوسینی زانای پایەبەرز
الشيخ عبدالله الجبرين

وەرگێڕانی
احمد محمد قرنی

چاپی یەكەم 1431كۆچی ـ 2010 زاینی

## پێناسەی کتێب

**ناوی پەرتووک : زەم کردنی شوێن کەوتنی حەزو ئارەزوو.**

**ناوی نوسەر: الشیخ عبدالله الجبرین.**

**ناوی وەرگێڕ: احمد محمد قرنی.**

**پێداچونەوەی: أبو مسلم أریانی.**

**نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم** - ( 1431 ک / 2010ز) .

**چاپخانە : سیڤا / سلێمانی .**

**تیراژ:** ( 1000 ).

**بنکەی بڵاوکردنەوە:**

**کتێبخانەی هیوا / بنەسلاوە** ( 07507590011 ).

**کتێبخانەی پێشین/ هەولێر** ( 07504794242 ).

✍مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە .

## پێشەكی وەرگێڕ

بەناوی خوای بەرز و بێ وێنـە، دروودو سـڵاو بـۆ سـەر گیانی پاكی موحەممەدو یارانی و شوێن كەوتوانی تا ڕۆژی دوایی .

گومان لەوەدا نیە كە خوای باڵا دەسـت ڕێ و شـوێنی بـۆ هـەموو بونـەوەرێك دانـاوە، زینـدوو نازینـدوو، بـەدی هێناون و بەڕێوەیان دەبات و ئاگای لێ یانە و ڕۆزیان دابین دەكا و بۆ كەمتر لەساتە وەختێكێش لێ یـان غافـل نـابێ ، تۆ بڵێی یاسای بەڕێوەچوونی بـۆ دانـەنابن و كارێـك نـەكا درووسـت كراوەكـانی بەرهەڵدانــەبن و وێـل و سـەرگەردان نەبن لەو دونیایەدا هەركەس بەكەیفی خۆی یاساو پرۆگرام و سیسـتەمی ژیـان دابنـێ، دیـارە ئـەوەش لـە خوایـەكی كاربەجێ ناوەشێتەوە واز لە درووسـت كراوەكـانی بهێنـێ، بۆیە ناوە ناوە پێغەمبەرانی بۆ ناردوون و پەیامی ئاسمانی بۆ ڕێكخستنی ژیانیان بۆ ڕەوانـە كـردوون تـا لاڕێ نـەبن و

کەس خۆ نەکاتە خودای کەس، جا هەرکاتێك لەسەر ئەو پەیامە ئاسمانی یە بڕۆین و پیادەی بکەین بێ گرفت دەبین لەهەموو بووارەکان، بەڵام هەرکە پشت مان تێکرد یەکەم شتێ تووشی بین و خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ هەواو ئارەزووی خۆمانە و ئەویش لاڕێ مان دەکاو تووشی دەیەها دەرد سەریمان دەکا. گێڕانەوەی لاڕێ بووان بۆ ڕاستە شەقامی خوای گەورە کە پەیامی دووایین پێغەمبەرە ( محمد) دروودی خوای لێ بێ .

## پێشکی بەڕێز شێخی زانا

## عبدالله ی کوڕی عبدالرحمن ی جەبرین

سووپاس و ستایشی خوا دەکەم و داوای لێ خۆشبوونی لێ دەکـەم، شـایەدی دەدەم کـە بێجگـە لـە خـوا کـەس شایەنی پەرستنی بەهەق نیە شایەدی دەدەم کە ( محمد ) نێردراوی خوایە، درودی خوا بڕژێ بەسەر خۆی و کەس و کارو یارانی.

**لە پاشان:**

ئەمـە وانەیەکـە لەهەنـدێك مزگەوتـەکان پیشکەشـم کردووە هەندێك لە ئامادەبووان تۆماریان کـردووە و دوایـی یەکێك لـە براکـان نووسـیەوە و نیـازی چاپکردنی هـەبوو، منـیش هـیچ ناڕەزایـەکم نـەبوو لەسـەر ئـەوە، هەرچـەند دەربڕینەکانی زۆر بەهێز نـین، چوونکە قسـەی خێـراو بـێ ئامادەکردن کـەم و کـورتی لێ پەیـدا دەبـێ لـە دەربـڕین و بــەهێزی داڕشــتن و شــێوازدا، لەگــەڵ نــەگوتنی ئــەو

بابەتانـــەی كـــە پەیوەنـــدیان بـــەو وانەیـــەوە هەیـــە و نەهێنانەوەی بەڵگەو هۆیەكانیش، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـــەو شـــتانەم باســـكردووە كەبـــەزەین و میشـــكم داهـــات لەبارەی شوێن كەوتنی حەزو ئارەزوەوە ئەو شـتانەی كـە شوێن كەوتنی حەزو ئارەزوو تیَ ی دەكەون .

هەندێكێش لەئەنجامەكانی شوێن كـەوتنی ئـارەزووم بـاس كـردووەو چـۆن ئەوانـە بـوون بـەئامێرێك بـۆ ئەنجامـدانی قەدەغەكراوەكان و دواكەوتن لـە ئەركـەكان ( **واجبـات** ) و هاوشێوەی ئەوانە .

داوا لەخوا دەكەین كە سوود بـەخش بـیَ و لاڕیَ بووەكـان بگێڕێتـــەوە بـــۆ ڕێكـــی. درووديـــش بـــڕژیَ بەســـەر گيـــانی ( محمد) و یارانی دا .

**نوسین و گوتنی**
**عبدالله ی كوری عبدالرحمن ال جبرین**

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووودو سڵاو برژێ بەسەر بەرێزترینی پیغەمبەران (محمد) بەسەر کەس و کارو یارانی دا.

لەپاشان:

بەڕاستی ئێمە دڵخۆش و چاو ڕوون دەبین کاتێ گەنجەکانی گەلی مووسڵمانان دەبینین یەکتریان خۆش دەوێ و هاوکارن لەسەر خێر و ڕووەو ئەو کارانەن کە سوودمەندە بۆیان و بیردەکەنەوە لەماڵێك کە ڕزگاریان بکا و سەلامەت بن تیایدا .

گومانی تێدا نی یە کە ئەمەئەرکی گەلی مووسڵمانە ئەویش گرنگی دان بەرزگاربوونی نەتەوەی ئیسلام بەگشتی تێدایە،تا بیناسن و هۆگری بن و کاری پێ بکەن و ڕێنیشان دەربن بۆی، هەروەها گرنگی بدەن بەوشتە خەتەرناکانەی دێتە سەریان و زیانی هەیە بۆ ئوومەتی

ئیسلام تا بیناسن و خۆی لێ بپارێزن و لێی دوورکەونەوە و خەڵکیشی لێ دوورکەنەوە و ئاگاداریان بکەنەوە.

ناسینی ئەو خراپانەی بەهۆی شوێن کەوتنی حەز و ئارەزوو ڕوو دەدەن و فێربوونیان فەرزێکە لەسەر نەتەوەی ئیسلام، ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان و پێشخستنیان بەسەر **ئەرکەکاندا ( واجبات )** لەشوێن **هە**واو ئارەزووەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستە لەسەرمان ئاگادار بین و لێی دوورکەوینەوە .

لەخودا دەپاڕێینەوە کە لەخراپەی نەفسی خۆمان بمان پارێزێ و لە دنەدانی شەیتان و لە حەزە لاڕێ کان و ڕاستە شەقامی حەقمان پێ نیشاندا و دەست گرتن پێ یەوە بەقسمەتمان بکا.

## گرنگی لابردنی پەردە لەسەر شەڕو ئاگادارکردنەوە لێ ی

گومانی تێدا نی یە کە ئەرکی سەرشـانی هـەموو تاکێکـە شەڕ بناسێ، تـا لێـی دوورکەوێتـەوە وەك لـە فـەرموودەی بەناوبانگی حوزەیفەوە هاتووە دەڵێ (خـەڵکی لـەبارەی خێـرەوە پرسـیاریان لـە پێغەمبـەر ﷺ دەکـرد و منـیش لەبارەی شەڕەوە پرسیارم لێ دەکرد نـەوەك تووشـی بم و تێ ی بکەوم، جا پێم گووت: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە جاهیلیـەت و شـەڕدا بـووین خـوای گـەورە ئـەو خێـرەی بۆناردین ئایا دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە ؟ فەرمووی: بەڵێ بەڵام خلتەی تێدایە.

پێم گووت: خلتەکەی چی یـە؟ فـەرمووی: نەتەوەیـەك بـە ڕێگایەکی جگە لەڕێگای مندا دەڕۆن و بە سوونەتێك جگـە لە سوونەتی من کار دەکەن و شـتی بـاش دەکـەن و شـتی خراپیش دەکەن .)

پێم گووت ئەی دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە ؟ فەرمووی: بەڵێ: بانگخوازانێك لەسەر دەرگاكانی جەهەننەم بانگی خەڵك دەكەن ئەوەی بەدەنگیانەوە بچێ فرێی دەدەنە ناویەوە، پیم گووت سیفەتیان چیە؟ فەرمووی: نەتەوەیەكن لەخۆمانن و بەزمانی خۆمان قسەدەكەن .......... تا دووایی فەرموودەكە) مسلم گێراوێتیەوە جگە لەویش گێراویانەتەوە.

جا لەم فەرموودەیەدا دەردەكەوێ كەوا خراپەو شەڕ هەبووە لە پێش پێغەمبەرایەتی و دوای ئەویش، ئەو كەسەی دەیزانی ئەوە خۆی لێ دووردەگرێو لێ دەسڵەمێتەوە، ئەوكەسەش نایزانێو نایناسیو ڕەنگە بە چاكی دابنێ و تووشی بێ و بكەوێتە ناویەوە، ڕێگەش بۆناسینی، گەڕان بەدوای خراپی و سەرپێچی و قەدەغەكراوەكانی ئەو شەڕانە و گەڕان بەدوای ئەو بەڵگانە كە ئەوانەی بەشەڕ داناوە و گەڕان بە دوای ئەو هۆو دەرەنجامە خراپانەی لەو شەڕانەوە سەرچاوە دەگرن تا بوونەتە شەڕ بەتەواوی.

# شوێن کەوتنی حەزو ئارەزوو بەرەو قەدەغەکراوەکانت دەبا

مەبەست لەحەز و ئارەزوو: ئەوەیە ویستی مرۆڤ بیرکردنەوەی لەگەڵ نەبێ. چونکە کاتێك مرۆڤ بیری لەئەنجامەکان نەکردەوە دوای حەز و ئارەزووی کەوت ئەو حەزە بەرەو سەرەنجامی خراپیو زیان بەخشیت دەبات. لەو بارەیەوە شاعیر دەڵێ:

ئەگەر تۆ بەگوێی حەزی خۆت کرد

ئەوە بەرەو هەموو شتێکت دەبا کە خەلکی قسەت لەسەر بکەن.

لەبەرئەوەی حەزو ئارەزوو لە ڕیزی ئەوشتانە دانراوە کە مرۆڤ بەرەو لەناوچوون دەبا و بەسەری دا زاڵ دەبێ هەندێك لە چوار شت کۆیان کردۆتەوە لەم بەیتە شعرە :

شەیتان و دونیا و نەفسی خۆم و حەزەکەم

چۆن لەدەستیان دەربازدەبم هەموویان دووژمنن

جا دووژمنـەكان دەكەونـە سـەر مـرۆڤ تـا لەبـەینی دەبـەن ئەگەر شارەزای ناسینی نەبیٚ بە دووژمنداریەكەیان .

ئەو شـاعیرەی كـە دووژمنـەكانی كردۆتـە چـوار بەشـە بـە شـەیتان دەسـتی پێكـردووە گومـانیش لـە دووژمنایـەتی (ابلیس)نی یە چونكە بەڕاستی ئـەو حـەزو ئـارەزوو شـوێن كەوتنی لە بەر چاوی مرۆ ئاسان دەكا و دەیڕازێنێتەوە .

ئەو شەڕەی كە حـەزو ئـارەزوو كەمەندكێشـت دەكـا بـۆی پاڵنــەرێكی ســەرەكی شــەیتانە و ئــەو بــوارە بــۆ مــرۆڤ دەرەخسێنی و هەڵی دەنیٚ حەزی بەلای ئەوشتانەدا دەبـا كە نەفس حەزی لیٚ یە و بەرەو ڕووی دەڕوا.

هەر لەكۆنەوە دژایـەتی كردنـی شـەیتان ناسـراوە و خـوای گـەورە ئێمـەی لیٚ ئاگـادار كردۆتـەوە پێـی ڕاگەیانـدین كـە سەرسەخترین دووژمنە .

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿... أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا ﴾ الكهف: ٥٠ .

واتە: پێی ڕاگەیاندوین كە دوژمنێكتان هەیە لە هەموان زیاتر لاتان دەدا لە خێر، هەروا دنیاش دووژمنی مرۆڤە (چونكە هەوێی قیامەتەو كەیفیان بەیەك نایە).

قیامەت هیوا و ئاوات و خەڵكی خۆی هەیە و دونیاش خەڵكی خۆی هەیە كە حەزیان لێ یەو هۆگری بوونە. ئەگەر مرۆڤ گوێڕایەڵی حەزی خۆی كرد بەرەو دونیا ئەوا خەریك دەبی لای دەدا لەحەز بەرەو قیامەت و خۆ ئامادەكردن بۆی . لەبەر ئەوە دنیاش سەرسەختترین دووژمنی مرۆڤە وەك شاعیر باسی كردووە .

هەروەها نەفس، ڕەنگە مرۆڤ سەری سووڕدەمێنی و دەڵێ چۆن نەفسی خۆم دووژمنمە ؟

وەڵـام: مەبەسـت لەنـەفس ئـەو نەفسـەی كـە فـەرمانی خراپەت پێ دەكات مەگەر خوا ڕەحمی پێ كردبێ.

مانای ئەوەیە كـاتی مـرۆڤ گوێڕایـەڵی نەفسـی كـرد بـەرەو خراپـەی دەبـا و فـەرمانی پـێ دەكـاو لـە خێـر بـە دووری دەخاتەوە و تەمبەڵی دەكات بەرامبەری، نەفسیش بە یەك لەو دووژمنانە دەژمێردرێت كە مرۆڤ بـەرەو لەبـەین چـوون دەبا، یا نزیكی دەكاتەوە لە لەبەین چوون .

كەوابوو ئەوەی هەڵت دەنێ بەرەو هەواو ئـارەزوو شـەیتان و دونیا و نەفسە .

حەز و ئارەزوو ئەو حەزەیە كە شـوێنی كـەوتی بـەرەو لـە ناو چونت دەبا یا نزیكت دەكاتەوە لێ ی.

## نیشانەی ئەو کەسەی شوێن حەز و ئارەزوو دەکەوێ

خوای گەورە زەمی ئەوکەسانە دەکا کە شـوێن حـەز و ئارەزوویان دەکـەون لـە قورئـان بـەوەی دەفـەرموویت:﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَٰهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴿١٣﴾ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهْوَآءَهُم ﴿١٤﴾ ﴾ محمد: ١٣ – ١٤.

واتە: فرە بازێڕی وا هەبوون لە خـەڵکی بازێڕەکـەی تـۆ – ئەوەی تۆ یان لێ وەدەرنا – گەلێك بەهێز و گەورەتر بوون قڕمان کردوون کەسیش بە هانـاین نـەهات ئـاخۆ کەسـیش لەپەروەنـدەی خۆیـەوە بەڵگـەی ڕوونـی بۆهـاتبێ وەك کەسێکە کردەوەکەی خۆی بۆ خـەمڵاوە شـوێن ئـارەزووی خۆیان کـەوتوون ؟ جا ئـەو بـازێڕەی کـە پێغەمبـەریان لێ وەدەرنا شاری مەککە بوو .

خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنی کە شار و باژێڕ هەبوون لەبەینی بردوون دوای ئەوەی پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستۆتەوە و هۆیەکەش باس دەکات کە کردەوەکە لەبەرچاویان جوانکراوە و دوای حەزو ئارەزوو کەوتوون . کردەوە خراپەکانیشیان بریتین لە : کوفر ، درۆ و بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران و ڕەت کردنەوەی ئەوشتانەی کە بۆیان هێنابوون هەموو ئەوانەش شوێن کەوتنی حەز و ئارەزووە .

بۆ هەندێکیش کردەوە ناشیرنەکان جوان کراوە لەبەرچاویان تا شوێنی حەز و ئارەزوو کەوتن .

خوای گەورە زەمی ئەوانەی کردووە بە ئایەتی ﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًاۖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ٨ ﴾ فاطر: ٨ .

واتــە: ئايــا كەســێ خراپــەی بــۆ جــوان كــراوە بــۆ خــۆی پەسەندی كردووە وەكو كەسێكە وانەبێ ؟ خـوا حـەز بكـا هەر كەسێ گومڕا دەكات و حەزیش بكـا شـارەزای بـەرەو خـۆی دەكـا . نـەكا لەبـەر خـەمی ئـەوان تێـدا بچـێ خـوا دەزانی ئەوانە چ كارێك دەكەن .

ئەوانەی دوای حەزو ئارەزوویان دەكەون گومانی تێـدا نیـە كە كاری خراپەیان بەچاكە داناوە و كـاری چاكەشـیان بـە خراپەداناوە و وازیان لێ هێناوە بەمەش لەبەین چوون .

هەردەبێ كردەوە ناشیرنەكانیان لەبەرچاو جـوان كرابـێ و بەچاكیان بینیوە و دوای حەز و ئارەزوویان كەوتوون .

خـوای گـەورەش خەبـەری داوە كـە یەكسـان نـین لەگـەڵ كەسانی تردا ، خوای باڵادەست دەفەرمووێت:

﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُوا۟ مِنْ عِندِكَ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ﴿١٦﴾ ﴾ محمد: ١٦ .

واتە: هەندێكیان دێن گوێت لێ دەگرن وەختێ لە لای تۆ دەردەچن لە زانیاریەكان دەپرسن: ئێستە چی ووت ؟ خودا مۆری بەسەر دڵیانەوە ناوە شوێن ئارەزووی خۆیان كەوتوون .

لەو ئایەتە خوای گەورە زەمی شوێن كەوتوانی حەز و ئارەزووی كردووە لەبەرئەوەی سوود لەو شتانە وەرناگرن كە دەیبیستن و ئامۆژگاری كاریان لێ ناكا، لە ڕێ نیشاندانیش تی ناگەن و وەری ناگرن .

خوای باڵادەست باسی كردوون كە گوێ لەو قورئانە دەگرن لەحاڵێك ئەو قورئانە لەوپەڕی ڕەوان بێژی و مەیدان خوازی دایە. بەڵام مەبەستێك هەیە لەنێوان ئەوان و تێگەیشتنیان لەو قورئانە وەك بڵێی هەر نایبیستن، جا كاتی دوای گوێگرتنیان لە قورئانەكە دەڵێن: ئەرێ محمد چی گوت و چی بەسەردا هاتە خوارەوە لە قورئاندا؟

چی کەوتە نێوانیان و نەیهێشت تێ بگەن لەگەڵ ئەوەشدا زمانێکی پاراو و ڕەوان لە قورئان دا هەیە و ئەوانیش عەرەب بوون !

تەنیا شتێك بووە هۆی ئەوە شوێن کەوتنی حەز و ئارەزووەکەیان بوو چونکە خوای گەورە مۆری لەسەر دڵیان داوە و تێگەیشتنیان تاریك بووە و سوود مەند نەبوون. جا ئەگەر ئەوانەت دی لە کۆڕی زیکر ڕادەکەن بڵێ ئەوانە شوێن حەز و ئارەزوویان کەوتوون.

ئەگەر ئەوانەشت بینی گوێ دەگرن وبەڵام سوودمەند نابن بڵێ ئەوانەش دوای حەز و ئارەزوویان کەوتوون و بەڵکوو دڵیان مۆری لێ دراوە و تێگەیشتنیان پەردە پۆش بووە کە خوا پێ ی بەخشیون . بەو جۆرەش وەك ئەوانەیان لێ هاتووە کە خوای گەورە دەربارەی دوو ڕووان دەفەرمووێت﴿ صُمٌّ بُكۡمٌ عُمۡيٞ فَهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ﴾البقرة: ١٨ کەڕن کوێرن لاڵن ناشتوانن بگەڕێنەوە .

دیاره كه گوێ یان هەیه بەڵام سوود لە بیستراوەكان نابینن، چاویان هەیە بەڵام سوود لە بینراو و خوێنراوە وەرناگرن عەقڵیان هەیە بەڵام تێ نافكرن و سوودی لێ وەرناگرن.

ئەوانە بەشی ئاگرن كە خودا بۆی ئامادەكردوون وەك لەو ئایەتە باسی كردوون: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ ﴿١٧٩﴾﴾ الأعراف: ١٧٩ .

واتە: ئێمە گەلێك لە جنۆكەو مرۆمان بۆ جەهەننەم وەدی هێناوە: دڵیان هەیە و پێی تێناگەن، چاویان هەیەو پێی نابینن، گوێ یان هەیەو پێی نابیستن ئەوانە وەكو ئاژەڵن، بگرە لەوان گومڕاترن ، ئاگایان لەهیچ شت نی یە.

ئەمە وەسفی ئەوانەیە كە دوای حەز و ئارەزوو یان كەوتوون ، دەبیسن و تێ ناگەن ، دەخوێننەوە و پەند

وەرناگرن ، بە عەقل لێ وورد دەبنەوەو بیری لێ ناکەنـەوە، دڵ و چاو و گوێ یـان سـوودی پێنەگەیانـدوون هەنـدێ لـە دووایینــەکان وەسـفی شـوێن کـەوتوانی حــەز و ئـارەزوو دەکەن بەوەی کەڕن ئەگەر گوێشیان لێ بـێ ، لاڵـن ئەگـەر قسانیش بکەن کوێرن هەرچەندە سەیریش بکەن .........
کوێرن لە ڕاست حەق و کەڕن لە بیرکردنەوەدا .

**بەڵام چی کوێری کردوون ؟ حەزوو ئارەزوو.**

**چی کەڕی کردوون ؟ حەزوو ئارەزوو.**

لەهەندێ ئاسەوەردا هاتووە: حەز و ئارەزوو خـاوەنی کـەڕ و کوێر دەکا، لەبەرئـەوەی حـەزو ئارەزوویـان پیچـەوانەی شەرعی خوا بووە ......... گوێچکەیان کەڕ بووە چـاویان کوێر بووە، وەك بڵێی سوود لەو هەسـتەوەرەی خـوا پێـی بەخشیون وەرناگرن.

خوای گەورە وەسفی کافران دەکات دەفەرمووێت:

﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾ ﴾البقــرة: ١٧١.

ئەقلی ئەو خوا نەناسانە وەك ئـەو ئاژەڵانەیـە كـە دەنـگ دەدریٚ جگـە لـە خـوڕین و چـڕینی هـیچ نابیسـتن، کـەڕن، لاڵن، چاویان کوێرەو لە تلْپانی تەڕیش ناگەن .

شی کەرەوانی قورئان دەڵێن نمونەی بـەو کافرانـە هێنـاوە کە ڕێگر هەیـە لـە نێوانییـان و گەیشـتنیان بەهـەق و دوای حەز و ئارەزوو کەوتوون وەك ئـەوی بـانگی ئاژەڵـان دەکـا وەك مەڕ، و شتی تر، **(نعیـق)** دەنگـی بـانگکردنی مـەڕە و مەڕەکانیش تێـی ناگـەن ، بـەڵام تـەنیا گـوێی لەدەنگەکـە دەبیٚ و دوای دەکەوی، ئەوەش وەك لاڕێکان کـاتیٚ بـانگی هەق دەکرێن وەری ناگرن هــەروا بـانگی ئیمـان دەکـرێن و کوفر دەکەن .

هەقییان بۆ ئاشكرا دەكرێ وەری ناگرن و بە ئامۆژگـاریش ڕازی نین ڕێنمایش وەرناگرن و بیرهێنانەوەش كاریـان تـێ ناكا، نێوانی ئەوان و حەق هەموو حـەز و ئارەزوویـان بـوو بەهۆی بەڕۆچوونی قەدەغەكراو و حەزە خراپەكانیان .

خوای باڵادەست حەزو ئارەزووی لـە ڕیـزی پەرسـتراوەكان ژماردووە دەفەرمووێت: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾﴾ الجاثية: ٢٣ .

واتـە: ئـاخۆ تـۆ ئەوكەسـەت دیـوە كـە ئـارەزووی خـۆی دەپەرست ؟ خـودا كـە ئاگـای لێ هـەبوو ڕێـی لێ گـۆڕی و گوێچكە و دڵیشی مۆركرد و لێڵایی خستە سەر چاوی، سـا كێ هەیە لەپاش خودا ڕێی نیشان دەی بۆچی بیرناكەنەوە ؟

یەكەم كردەوەی حەزو ئارەزوو كردنی بـە خودایـە، حـەزو ئارەزووی لەهەرشتێك بێ ئەنجامی دەدا، نەفسـی لـە هـەر

شتێك بێ بیری لێ ناكاتەوە خێرە یان شەڕە ؟ چاكە یا خراپە ؟ گوێڕایەڵی كردنی خوا بەسەرپێچی كردنیەتی، بەرەو پیری دەچێ و ئەنجامی دەدا جا چ گوناهەكە گەورە بێ یان گچكە .

وێنەی ئەوە كە لاڕێ بووە زاناشە بەو لادانە بەڵام خێر وەرناگری و ئامۆژگاری و ڕێنمونی و بیرهێنانەوە گوێ پێنادا بەڵكو كاتێ بیستی لێ ی دووردەكەوێتەوە و بەو ڕێ یانەش ناڕوا كە بەرەو خێری دەبەن .

لە ئایەتێكی دی خوای گەورە وەسفیان دەكاو دەفەرمووێت:﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِىٓ أُذُنَيْهِ وَقْرًا ۖ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ لقمان: ٧.

واتە: هەركا نیشانەكانمانی لە ڕوودا دەخوێنرێنەوە بە فیزەوە پشتی ئەكاتە ئەولاوە، وەكو كەسی هەردوو گوێی گران بووبن ، وەكو نەیبیستبێ وایە ساتۆ مژدەی ئازارێكی بەئێش بەو كەسە بدە .

چی هەڵی نا بۆ ئەو كارە ؟

كاتێ گوێی لە قورئانو ئامۆژگاری بوو ، ئەگەر بەلای خەڵكی مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی دا تێ پەڕی ئارەزووی لێ ناگەڕێ لە لایان دابنیشێ بەڵكو پشت هەڵدەكاتو خەریكە گوێی داخا لەترسی ئەوەی شتێكی تێبچێ كە ببێتە هۆی ئەوەی حەزو ئارەزووەكەی لەبەین ببات ، ﴿كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ﴾ واتە: قورسایی، گران، سوودی لێ نابینێ و ئەوشتانەی سوودمەندن نایان بیستێ.

ئەوە وەسفی ئەوانەی كە دوای حەزو ئارەزوویان دەكەون، لەوانەش هاوبەش پەیدا كەران كە حەزوو ئارەزوویان پشتی لێ كردن لە شوێن كەوتنی پەیامی پێغەمبەر ﷺ لەبەرئەوە دووركەوتنەوە پشتیان تێ كرد وەك خوای باڵادەست باسیان دەكا: ﴿بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ٤ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ

ءَاذَانِنَا وَقۡرٌ وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٌ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾ ﴾

فصلت: ٤ - ٥ .

گوتیان لەوە كەتۆ بۆ ئەو بانگمان دەكەی دڵمان پۆششی لەسەرەو گوێمان كەڕە و پەردەیەك هەیە لەنێوان ئێمەو تۆدا تۆ خەریكی كاری خۆت بەو ئێمەش كاری خۆمان دەكەین .

تەماشاكە چۆن وەسفی خۆیان كردووە، بەدان هێنانێك لەلایەن خۆیانەوە .

حەزو ئارەزوویان ڕێی لێ گرتن لەوەی پێغەمبەرﷺ بانگی بۆ دەكردن وەك ئەوەی گوێ یان پەردەی لەسەر بێ و خێری نەگاتێ و بانگەوازی وەرنەگرێ: ﴿وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗاۚ﴾ الأنعام: ٢٥ . دانیان ناوە بەوەی كە نابیستن و وەك بڵێ ی گوێ یان گرانە و لەنێوانماندا پەردە هەبووە سوودمەند نابین .

ئەمـــە وەك حـــاڵی پـــێ شـــینەكان بـــوو هـــەروا حـــاڵی دووایینەكانیشە .

ئەوانەی لە خێر و خێر دۆستان دووردەكەونـەوە ئەوانـەن كەدوای حەزوو ئارەزوویان كەوتون .

ئەوانــەش بــەرەو گومــان و ئــارەزوو لاردەبنــەوە، قســەو كرداریان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ.

خــوای باڵــا دەســت دەفــەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ لَيُسَمُّونَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ تَسۡمِيَةَ ٱلۡأُنثَىٰ ﴿٢٧﴾ وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـٔٗا ﴿٢٨﴾﴾

النجم: ٢٧ - ٢٨ .

ئەو كەسانەی بڕوا بە پاشەڕۆژ ناكـەن فریشـتەكان بـەناوی كچان نـاو دەبـەن كـە هیچیشـیان لێ نـازانن هـەر وەشـوێن گومان دەكەون گومانیش جێی ڕاست ناگرێ .

هەربەوشێوە لە ئایەتی بەردەست باسی کردوون: ﴿ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ ٢١ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِيزَىٰٓ ٢٢ ﴾ النجم: ٢١ – ٢٢ .

ئاخۆ زارۆی ئێوە نیرەو خواش کیژی هەیە، ئەگەر وابێ بەشکردنی ناڕەواییە .

تەنیا ئەوانە چەند ناون کە ئێوە و باب و باپیرانتان، ئەوانەتان پێ ناوناون خوداش هیچ بەڵگەی پتەوی لە مەڕ ئەوانەوە نەنارد ، هەر وەدووی گومان دەکەون و ئەوەی کە دڵیان دەخوازێ ، کەچی لەلای پەروەرندەی خۆشیانەوە ڕێگەیان نیشاندراوە .

جا گومان و بەدواکەوتنی حەزوو ئارەزوو کە دڵیان دەخوازێ ئەوەبوو کە خستنیە ناو کوفر و تاوان ....... ئەوەش ئەنجامی شوێن کەوتنی ئارەزووە .

هەر لەبەر ئەمە خوای باڵادەست لە قورئاندا لە دوو جێگا حەزو ئارەزووی دوور لە شەرع بە پەرستراو داناوە یەکێکیان لە سورەتی (الفرقان) لە فەرموودەی خوای

بالادەست: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾ ﴾ الفرقان: ٤٣ ، دووەمیان لە سورەتی (الجاثية) لە ئایەتی: ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الجاثية: ٢٣ .

جا لەم دوو جێگایە خوای گەورە حەزو ئارەزووی پێچەوانەی شەرعی بە پەرستراو داناوە ، پەرستش بەمانای دڵ بەگەورە و پیرۆز دادەنێ . باسمان کرد زانایان ڕاڤەیان کردووە بەوەی حەزی لە هەر شتێك بێ ئەنجامی دەدا ، لە ئاسەواریشدا هاتووە ( ماتحت أديم السماء إله يعبد أشد من هوى متبع ) بە واتای لەژێر چەتری ئاسماندا پەرستراوێك نی یە بەحەق و حەز و ئارەزوو بپەرسترێ .

بە دواکەوتنی ئارەزوو حەزی نەفسە دەبێتە هۆی ئەو واقیعەی کە زۆربەی خەڵکی ئێستای تێکەوتووە .

ئەوانەی كە ڕێ لەكاری خێر دەگرن و ڕقیان لەدانیشتنی پیاو چاكان دەبێتەوە و حەزیان لە دانیشتنی خراپەكاران و یاخی بووانە ئەوانە بەدوای حەزو ئارەزوویان كەوتوون.

لەوەشدا سەیری ئەو حەزە ناكەن لە ڕووی ڕێپێدراو قەدەغەكردنیدا بۆیە بەرەو حەرام كەمەند كێشی كردوون و گومانیش لەوەدا نی یە كە سەرەنجامی بەدواكەوتنی ئارەزوویانە ئەگەر خراپیش بێت .

## چەند نموونەیەک لە بەدوا کەوتنی حەزو ئارەزوو

وەك بینیمان زۆربەی خەڵکی بەدوای حـەزو ئارەزوویـان دەکەون و تووشی ئەو شتانە دەبـن کـە دڵیـان دەیخـوازێ ئەگەر خراپەش بێ .

نموونەش لەسەر ئەوە زۆرە وەکو:

ئەوانەی حەزیان لە گۆرانی یە یـان گەمـەو گاڵتـە، ناهـەق، دڵیان بۆی دەچێ و پێ ی خۆشەو زیاتر لـەوەی کـە گـوێ لە فەرموودەی خواو پێغەمبەرەکەی و زانستی ڕاسـتەقینە و یادەوەری کردنی خوا و پاڕانەوە و خیرەکانی دی .

دڵیان بەرەو گـوێگرتن لـەو شـتە غافـل کەرانـەیان دەبـا و گرانترین و هەرزانترین شتیان لـەو ڕێ یـەدا بەخشـی بۆیـە خـوای گـەورە زەمـی کـردوون بەووتـەی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾ لقمان: ٦ .

لەم خەڵکەدا هی واهەیە کڕیاری قسەی بێ تامە لە نەزانی، دەیەوێ خەڵك لـە ڕێگـەی خواگـومرا بکـاو دەیکاتـە گاڵتـە جاڕی خۆی.

ئەوانەی ئەو کارە دەکەن ئەشـێ زۆر بـە سـوکایەتی ئـازار بدرێن .

ئەو شتانە دەکڕن کە پێی دەخـافڵێن و بـێ ئاگایـان دەکـا لەهەق کە لە ڕیزی ناهەق دایە .

هـــەروا ئەوانـــەی بـــەرەو ئـــارەزووی حـــەرام دەڕۆن وەك خواردنـــەوەی هۆشـــبەرەکان و وەرگرتنـــی مـــاددە هۆشـبەرەکان ( بەنگـە مەنیـەکان ) یـەکێکیان حـەزی دەچێتێ و خۆشی لێ وەردەگرێ و پێی دڵنیا دەبێ و بـیر لەئەنجامی ناکاتەوە و سەیری بەڵگەی قەدەغەکردنی ناکـا یا ئەو کارە خراپانەی لێی پەیدا دەبن .

حەزیان لێ یە تا دەیخۆن و دەیخۆنەوە ئەگەرچـی هەرچـی لێ پەیدا دەبێ با پەیدا بێ .

ئەوانـەش کـە خۆیـان دەخـافلێنن بـە گـووتی گوتیـان و حەزیان لە گێڕانەوەیەتی و ڕێ یان لێ دەگرێ لە گوێگرتن لــە قورئـــان و زیکــر و کــاری خێــر، دانیشــتنەکانیان دەڕازێنێتەوە بە غەیبەت و قسـە هێنـان و بـردن و گـووتی گووتیان و بیری لاڕێ و قسـەی بـێ مانـاو بـێ سـوود ، تـا کاتیان لێ بە فیرۆ دەدا .

چی ئەوانەی هاویشتە داوی ئەو حەزەوە و تـا دڵـی کـەڕ و کـوێر کـردن بـەهۆی ئـەو کۆڕانـەی کـە پـڕن لـە ناهـەق و خافڵێنەرەکان و تاڕقیان لـە خێـر و هـاودەمی خێرخـوازان بۆوە ؟ بەو شێوە کەوتنە ناو شەڕ و وادەزانن لـە کۆمـەڵی خێرخـوازانن . ئەوانـەش کـە زیـادە ڕۆیـی دەکـەن لـە خـۆ هەڵکێشان بەسەر کەسانی دی و زیادەڕۆیی لـە خـواردن و خواردنـەوە و پـەرت کردنـی مـاڵ و سـامان لـەو شـتانەی سوودی نی یەو پیویست نین .

گومانی تێدانی یـە ئـەوە ئاسـەواری بـەدوا کـەوتنی حـەزو ئارەزووە و نەفسی فەرماندەر بە خراپەیە، یەکێك دەبینـێ

حــەزی دەچــێتە ســەر هەرشــتێك کــەدەبینیٚ و نەفســی ئارەزووی بکا لە جل و بەرگ یا خواردن یا خانوو یا ڕایـەخ یا هەر بەکارهێنراوێکی دی ئەگەر پێویستیش نـەبی تـەنها لەبەرئەوەی حەزی لیٚ یە بەدەستی دێنیٚ.

لەوانــەش زێــدەڕۆیی کردنــی خــەڵکی لــەو ســەردەمە لــە خواردەمەنی و بۆنە و دەعوەت بەهەموو جۆرەکانی یەوە، بیٚ گوومان ئەمەش لەدواکەوتنی ئارەزووە .

لەو زیادەڕۆییەش حـەزکردن لـە کۆکردنـەوەی ئـەو کاڵـاو شــت و مەکانــەی کــە زۆر پیویســت نــین وەك ئۆتۆمبێــل و شتی دی، گومانی تێدانی یە کە لاربوونەوە بـەرەو حـەز و ئارەزوو خستنیە ناو ئەم زیدەڕۆیە و شتی تر.

## ئەنجامەكانی بەدواكەوتنی حەزو ئارەزوو

**شاعیر دەڵێ:**

ئەگەر تۆ لەحەزو ئارەزووت یاخی نەبی
بەرەو هەموو شتیكت دەبا كە لۆمە بكرێ ی

گومان لەوە نی یە كە بەرەو حەزو ئارەزوو چوون مرۆ بەرەو لاڕێ یی و خەسارەت مەندی دەبا، هەروەك بەرەو ئەنجامی خراپ ڕاپێچی دەكا كە تەمبەڵ بوونە لە پەرستنەكان ( عبادات ) .

ئەوەش لەبەرئەوەی ئەگەر دڵی حەزی لە هەرشتێك بوو لە ڕێ پێدراوەكان (مباحات) و بەدەستی هێنا ئەوا بەرەو شتی ناپەسەند دەیانبا ( مكروهات) دواییش بەرەو حەرام ( قەدەغەكراوەكان) .

ئەمەش هەموو لەئەنجامی بەدواكەوتنی حەزوو ئارەزووە، وەك بلێی ئارەزوویان ویستی و ڕێپێدراوەكانی بەكارهێناو

زیـادەڕۆیی تێـدا کـرد  گووتیـان: نەفسـمان تێردەکـەین بەخواردنی گۆشت و میوەو جۆرەکانی خواردنی خۆش بـۆ نموونــە، ئینجـا حــەزیان بــەرەو زیــادەڕۆیی بــردن و تــا بەهەڵپەو زۆر خۆریەوە کەوتنە ناویەوە سەرەنجامی ئـەوە بەرەو شتێکی ناپەسەندی بردن یا شتێکی خیری لەدەست دان لــە پــەرسـتش و گوێڕایــەڵی دا، جاکەوتنــە نێـو شـتە قەدەغــەکراوەکان و خراپــەکاری و وادەزانــن لەســەر ڕێــی خێرو چاکەو گوێڕایەڵی خوادان.

## لەشتە ڕێ پێدراوەکان ( المباحات )

**یەکـەم:** ڕاسـتە خـواردن و شـتەکانی لـەوجۆرەن لـە ڕێ پێدراوەکانن بەڵام زێدەڕۆیی کردن تێیـدا بـەرەو حـەرام و تێکدانی دەبا تا سوودی لێ وەرناگرێ.

**دووەم:** هەرکاتێك نەفس و ئارەزوو گوێڕایـەڵی کران لـەو شـــتانەی حـــەزی لێ دەکـــەن، بـــانگی دەکـــەن بـــەرەو ناپەسندەکان ناپەسـەندیش بـێ گوومـان هۆیەکـە بـەرەو حەرام، جا ئەوان هەرکاتێ خۆشیان وەرگرت لە خـواردن و خواردنـــەوە و ڕایـــەخ و کـــۆڕ و کۆبوونـــەوە و شـــتی لـــەو بابەتانە دەیانبا بەرەو ناپەسندەکان ڕەنگە حەزو ئارەزوو بشیانبا بەرەو حەرام یا واز پـێ لێ هێنـانی درووشمـەکانی پەرستن هەنـدێك لـە پیشـینەکان گووتویانـە: زۆر مـەخۆن دوایی زۆر بخۆنەوە و ئینجا زۆر بنوون و حـەرام زۆر بکـەن . ئەمـەش لەواقیعـدا هەیـە، چـونکە ئەوانـەی بـڵاون لـەناو خۆشـــــگووزەرانی و حەزەکانیانـــــدا دەکەونـــــە نێـــــو

قەدەغەکراوەکانــەوە و تــا نوێــژەکان واز لێ دەهێــنن و لەســەریان گــران دەبــێ و تــا گۆرانیــان لاخــۆش دەبــێ و رابــواردنیش لایــان شــیرن دەبــێ و پشــت لــەیادی خــوا و ووتەی خوا دەکەن و لێی دووردەکەونەوە لەکەسانی دیـن دۆست نـابن و دەیـان کێشـێ بـەرەو قەدەغـەکراوانی دی، هەروا دەکەونـە داوی خواردنـەوە حەرمـەکان یـا خواردنـە حەرامـەکان، هـۆی ئـەوەش سـەرەتای دواکـەوتنی حـەزو ئــارەزووە کــە ڕۆچــوون لــە حەزەکانــەوە ئەوانــەی دڵ دەیانــەوێ و پێــی خۆشــە، گومـانیش لـەوەدا نـی یـە کـە هەندێکیان حەڵاڵن و هەندێ کیـان حـەرام، بـە پاڵنـەرێکی بەهێزەوە بۆیان دەچێ دەکەوێتە نـاو حـەرام و ئەگەرچـی ڕێ ی لێ گیرابێ و هەرلەبەرئەوەی حەزی لێ یە.

بــەو جــۆرە بەدواکــەوتنی حــەزو ئــارەزوو هۆیەکــە لــە هۆیەکانی کەوتنە نێو تاوان و گوناهەوە.

## چارەسەری شوین كەوتنی ئارەزوو

چارەسەری شوێن كەوتنی حەز و ئارەزوو خۆی دەنوێنێ لە : بیركردنەوە لە سەرەنجامەكان ، هەروا تێڕوانین لەو شتانەی كە نا هەقن یا هەقن بەوشێوە حەزەكان بەرەو خێر دەچن. خاوەنەكەشی بەرەو پەرستن و گوێڕایەڵی خوا دەبەن هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْتُ بِهِ)**حديث ضعيف: فيه نعيم بن حماد وهوضعيف، أنظر المشكاة** ( 167/1 ). بە واتای كەستان باوەڕدارنا بێ تا حەزو ئارەزووەكەی بەشوێن ئەوشتە نەكەوێ كە بۆم هێناون .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حەزو ئارەزوو ڕەنگە شوێن خێر بكەوێ و هۆگری بێ، بەوەش گوێڕایەڵی ئەوشتە دەبێ كە خوا بە پێغەمبەرەكەیدا ناردووە، ئەمەش چارەی حەز و ئارەزووە .

جـا بەوانـەش دەڵـێن بـەدوای حـەزو ئـارەزوو کـەوتوون:
بیرکردنـەوە لـەوەی حـەزتان لێ یـە ئایـا هەقـە یـان نـا؟
بەڵگەی بۆ بهێنەوە.
ئەگـەر بیریـان کـردەوە تـێ دەگـەن کـە سـەرەنجامەکەی
خەسارەت مەندیە، جێگایەکیشە بـۆ لـەنێو چـوون، لـەنێو
چوونی دونیاو پاشە ڕۆژ . لەبەر ئەوەی ئەو خۆشیانەی کە
تیایدا ڕادەبوێرن چێژ گرتنێکی کەمەو تێدەپەڕێ .
جـا بڵـێ بەوانـەی کـە بـە حـەزەکانیان ڕادەبـوێرن، بـیر
لەخۆتان بکەنەوە لەو حەزانـەی کـە دڵتـان بەلایـدا دەڕوا،
حـەزی زینـا، حـەزی گـوێگرتن لـە گـۆرانی یـا تـام کردنـی
ئارەق ، سەیری کۆتایی یەکەی بکەن !
گوێ گرن شاعیر چی دەڵێ :
چێژەکان لەنێو دەچن سەبارەت بەوانەی وەریان گرتووە
لە حەرام، گوناه و سەرشۆڕیان بۆ دەمێنێتەوە
سەرەنجامی خراپە دەمێنیتەوە کەناتوانێ خۆی لێ لادا
خێر لە چێژێك نی یە کە ئاگر بەدوادا بی

جا ئەو حەزەی دەتەوی ئەنجامی بدەی ئەگەر حەرام بـوو بیرکەوە نەفسـی خـۆت بگـرەو ئـارام بگـره بەرامبـەر ئـەو حەزەی بەرەو ئارەزوویەكی ناڕەوات دەبـا، خـوای گـەورە دەستت دەگریٚ ئەگەرچی لەناختـدا پاڵنـەرێكی بـەهێزیش هـەبیٚ بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو حـەزە، وەك ئـەوەی حـەزت هەڵتبنیٚ بۆ وێنەگرتن لەگەڵ ئافرەتێكی نامەحرەم یا قسە لەگەڵكردنی یا بەدەست هێنانی ماڵێكی حەرام یا گوێگرتن لە دەنگێكی سەرنج ڕاكیش و خەڵـەتێن یـا مامەڵـەكردنیی حەرام یا شت گەلێك كە شەرعی خوا حەرامی كردووە ڕێـی لـە هۆیەكانیشـی گرتـووە، بیرکـەوە لـە سـەرەنجامەكەی، بزانە خوای گەورە شت گەلێكی حەڵاڵی بۆداناوین و بەشتە حەرامەكانیش تاقیمان دەكاتەوە، جا ئەگەر خوا ئـارەق و زینا و ماڵی حەرام و خواردنی پیسـی حـەرام كردبیٚ، ئایـا لەئەنجامدانیاندا گوێڕایەڵی خـوای تێدایـە لـەكاتێك حـەرام كرابیٚ ؟

ئەگەر خوای گەورە فەرمووی ئەوانە سەرپێچین ، ئایا دەزانی خوای گەورە پاداشتی ئەنجامدەرانی دەداتەوە یا سزایان دەدا؟

هەردەبێ دان بنێ ی بەوەی خوای گەورە سزای ئەنجامدەرانی دەدا و پاداشتی وازهێنەرانی دەداتەوە .

جا پێت دەڵێین: نەفست بگرەو خۆڕاگربە خوای گەورە یارمەتیت دەدا ئەو پاڵنەرانەت لێ دووردەكاتەوە كە لەلایەن نەفس و شەیتانەوە هەڵت دەنێت ، هێزێكت پێ دەبەخشێت تا بەرامبەر ئەو پاڵنەرانەی پێ بگرێ و هاوكاریت دەكا بۆ بەكارهێنانی شتە حەڵاڵەكان چونكە جێگری حەرام حەڵاڵە .

بۆنمونە: بەرامبەر زینا جووت بوونی حەڵاڵی بۆ داناوی كە ژن هێنانە بە یاسای ئیسلام، جا بەندە بەهۆی ژن هێنان پێویستی بە زینا كردن نابێ .

هــەروا لــەباتی گــوێگرتن لــە گــۆرانی گــوێ لــە قورئــان و فــەرمووده و یــادی خــوا بگــره، حەڵاڵــە و پەرســتن و گوێڕایەڵی كردنیشی تێدایە.

كاســبی كردنــی حــەرام وەك ڕیبــا یــا دزی و فێــڵ كــردن حەرامــە لــەباتی ئەوانــە خــوای گــەورە كاســبی حــەڵاڵی دانــاوه، خــواردن و خواردنــەوەی وەك ئــارەق و گۆشــتی بەراز و مرداربوو كه زیانی بۆ بەندەكان هەیە لەباتی ئەوان خوای گەورە خواردن و خواردنەوەی حەڵاڵی بۆ داناوین .

هەربەوشێوەی كه دوای حــەزو ئــارەزووی دەكــەوی چــاره دەكرێ بەوەی ئەوشتانە وەبیربهێنێتەوه، هەركاتێك بــیری هاتەوه و زانــی هــەردەبێ ڕاچــڵەكێ كــاتێ زانــی خودایــەك هەیە خاوەنیەتی و زانی ئەركی پێ ســپێردراوه و فــەرمانی پــێ كــراوه و ڕێــی هەنــدێك شتیشــی لێ گــیراوه ئمــەش ئاشــكرایەو ئــەوەش دیــاره، حــەرام دیــارەو حــەڵاڵیش ئاشــكرایە ، هــەروا زانــی كــه ئەنجامــدانی حــەڵاڵ و كردنــی ئەركەكان پاداشتی هەیە و لە وازهێنانیشی سزا هەیە.

شــاعیر دەڵــێ:  لــە ئەنجامــدانی حــەرام ســـزا هەیــەو لەوازهێنانیشی پاداشت هەیە

ئەوەش مرۆ هەڵدەنی کە ڕۆنەچێ لـە ئارەزووەکانـدا بـە تایبەتی ئەگەرزانی ئەو چێژانە لە بەین دەچن و کۆتاییـان دی، خوا حەزکا دەبێتە هۆی واز پـێ هێنـانی لـە ناهـەق و دوورکەوێتەوە.

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە یارمەتی مان بـداو دوورمـان کاتەوە لە خراپەی دەروونمان لەوتەی شەیتان بمانپـارێزێ لـە حـەزی زیـان بـەخش و ڕێنمونیمـان بکـات بـۆ هـەق و ڕاستی دەستگرێتیمان پێ ببەخشـێ و لاوانـی موسـڵمان و خـەڵکی ڕەمـەکی و دەمڕاسـت و کاربەدەسـتانیان بـەرەو چاکە ببا و بیانگێرێتەوە بەرەو حەق .

خوای باڵادەست زاناترە.

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنویێ بوونەوەی ئیمان**

imanonekurd@yahoo.com